# ئەو هەڵانەی دەبنە هۆی هەڵوەرینی قژ

زۆربەی خانمان گلەیی لە هەڵوەرین و رووتانەوەی قژیان دەکەن، هەوروەها دەشپرسن ئاخۆ ئەو هۆکارانە چین وادەکات کە بەشێکی قژیان لە نێو دەستیان ببینن و خەمی لێ بخۆن، ڕەنگە هەندێ جاریش هەر خۆیان هۆکارەکە بن و ئەو هەڵانە بکەن کە دەبنە مایەی هەڵوەرینی قژ. گۆڤاری (ئۆپرا) باسی لەو هەڵانە کردووە کە دەبنە هۆی هەڵوەرینی قژ وەك: توندگرتن و ڕاکێشانی قژ، هەڵەیەکی گەورەیە بەتایبەت کاتێك ئارایشتی کلکە ئەسپ دەکرێت، زۆربەی تەلەکانی قژ بە توندی ڕادەکێشرێن و توند دەکرێن، ئەمەش کار لە ڕەگەکانی قژ دەکات و خانەکانی دەکوژێت.



## ڕێنماییەکان بۆ دووبارە لەبەرکردنی جلەکانت

کۆمەڵێك زانیاری و ڕێنمایی لەلایەن پسپۆڕانی جوانکاری بۆ ئەو ئافرەتانە ئامادە کراوە کە دەوامی فەرمی و ڕۆژانەی زانکۆ و کارێکی تایبەتیان هەیە، کاتێك ئەو خانمانە هەموو ڕۆژانی هەفتەیان جگە لە ڕۆژی پشوو لە یەك شوێن بەسەر دەبەن، بەمەش پێویستیان بە گۆڕانکاری و گۆڕینی جلەکانیانە و زۆر جاریش حەز ناکەن جلی دووبارە لەبەر بکەن، بەڵام ئەوەش نابێت کە هەموو هەفتەیەك دەستە جلێك بکڕن و دووبارە لەبەری نەکەنەوە، ئەگەرچی ئەوە خواست و ئاواتی هەموو کەسێکە، وەلێ ئەو کارە ناکرێت، تەنانەت ئەگەر جلێکی زۆریشت هەبێت، پێراناگەیت ئەوەندە پاکیان بکەیتەوەو ئوتوویان بکەیت، بۆیە ڕێنماییەکان باس لە دووبارە لەبەرکردن و هەڵبژاردنی جلەکانت دەکەن، لێرەوە سوود لە ڕێنماییەکان وەربگرە:

کراس و عەزی، دەکرێت کراسەکان بۆ زیاتر لە جارێك لە شوێنی کارکردن لەبەر بکەیت، دەتوانی ڕۆژێك بەتەنیا لەبەریان بکەیت، چەند ڕۆژێك دواتر لەگەڵ ئێلەگێك ڕێکیان بخەیت، هەروەها دەتوانی بە پشتێن گۆڕانکاری لە شێوەی کراس و عەزییەکەتدا بکەیت.

چاکێت، بۆ شوێنی فەرمی پێویستت بە چاکێت دەبێت، بەتایبەت بۆ یاد و بۆنەکان، بەم چەشنە دەتوانی هەمان ئەو چاکەتە لەبەر بکەیتەوە کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەبەرت کردبوو، کە جارێك لەگەڵ پانتۆڵی قوماشی خۆی، یان ڕۆژی دواتر لەگەڵ جینزێك لەبەریان بکەیت.

بلووز و تەنوورە، ئەگەر تەنوورەیەکی ناوازەت هەبوو، حەزت کرد چەند ڕۆژێك لەبەری بکەیت، بەڵام لەگەڵ شێواز و مۆدەدا ناگونجێت جلێك زۆر دووبارە بپۆشیت، بۆیە دەتوانیت گۆڕانکاری لە بەشی سەرەوەی جلەکانت بکەیت کاتێك ئەو تەنوورەیە لەبەر دەکەیت، بۆ نموونە ئەگەر تەنوورەکە ڕەنگی سپی بوو، یان ڕەش، دەکرێت ڕۆژێکیان بلووزێك هەڵبژێریت بکەوێتە سەر تەنوورەکە، یان بەدییەك لەبەر بکەیت بیخەیتە ناو تەنوورەوە، بەم جۆرە دوو مۆدەت بۆ دروست دەبێت و کەسیش هەست ناکات دووبارەیە.

کراس و بەدی کورت، مۆدێکی دیکەی ناوازەیە، ئەمجارەیان دەتوانیت لە ڕێگەی کردنەوە و بەستنی قژت ئەو کارە بکەیت، بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆژێکیان کراسێکت لەبەر کرد، با ئەو ڕۆژە قژت کراوە بێت، بەڵام ئەگەر چەند ڕۆژێك دواتر هەمان کراست لەبەر کرد، ئەوجارەیان قژت ببەستە، یان بە تەوقە و ئێکسسوارەکان کراس و بەدییەکەت بڕازێنەوە کە دووبارە لەبەرت کردووە.



بەتایبەت ئەگەر قژ کورت بێت و بەمەش زیاتر کاریگەری لەسەر رەگی قژ دەبێت. بۆیە ئەگەر ئەو ئارایشتەت کرد بە نەرمی رایبکێشە و پاڵەپەستۆی لەسەر مەکە. هەندێ جار بە هۆی وەرگرتنی داو و دەرمانەوە رەنگە کاریگەری لاوەکی هەبێت لەسەر تەندووستیی قژت، بۆیە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی قژت، ئەگەر هەستت بە حاڵەتێکی لەم جۆرە کرد، راوێژ بە دکتۆر بکە. هەورەها حاڵەتێکی دیکە کاتێك قژت وشك دەکەیتەوە بە سیشوار و ئامێری وشکردنەوە، کاتێك پلەیەکی گەرمی زۆر دادەنێت و قژیشت هێشتا تەڕە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ و خێرای لەسەر هێزی مووەکان دەبێت و زۆربەیان دەسووتێنێت و وشکی دەکات، بۆیە کاتێك دەتەوێت قژت وشك بکەیتەوە، سەرەتا تەنیا بە هەوای سادە بەبێ گەرمی هەوڵی لەگەڵ بدە، پاشان بەرە بەرە گەرمییەکە زیاتر بکە، هەروەها ئاگاداری جۆری خۆراك و خواردنت بە، ئەگەر زانیت خواردنێك باش نابێت بۆ قژت، وازی لێ بهێنە، لەلایەکی دیکەوە دووبارە رەنگکردنەوەی قژ، یان زۆر گۆڕینی رەنگی قژت، کاریگەری لەسەر هەڵوەرینی قژت دەبێت.






# گوارەی مۆدە (هۆپ)ی قاش گەورە و بێ زنجیر

زۆربەی پسپۆڕانی جوانکاری ئاماژە بە گرنگی و رۆڵی ئێکسسوارەکان لە جوانی و رازاندنەوەی خانماندا دەکەن، کە وەك کەرەستەیەکی سەرەکی مامەڵی لەگەڵدا دەکرێت، تا لە رێگەی ئێکسسوارەکانەوە جوانییەکی دیکەی دەستکرد بۆ بەشێکی جەستە دەست بکەوێت، بەتایبەت ئەوانەی لە بەشی سەر و گوێچکە لەبەر دەکرێن، چونکە ئەوانە هەردەم بەرچاون و لە بەشێکی دیاری پێگەی ئێکسسوارەکانن، گوارە یەکێکە لە ناوازەترین ئێکسسوارەکان، کە هەمیشە پێویستە خانمان لە گوێچەکیان بێت، لەگەڵ هەر مۆدێکی تازەی گوارەشەدا، دڵی ئافرەتان خۆش دەبێت و تامەزرۆی شێوازە تازەکانی گوارە دەبن، یەکێك لە ناودارترین نمایشەکانی گوارەی بەهاری لەلایەن نمایشی (مارك جاگوێز و مایکل کورۆس و فێندی)یە، ئەو مۆدە گوارەی ئاماژەیان پێداوەو لە نمایشەکەیان دەریانخستووە، بە ناوی (هۆپ)ـە و شێوازی قاش گەورە و زنجیرە کورتە، تەنانەت هەندێکیان بەبێ زنجیری نێوان قاشەکە و بەشی سەرەکیی گوارەکەیە کە دەکەوێتە سەر گوێچکە، ئەو رەنگانەی گرنگییان پێی داوە بریتین لە: سووری بە بریقە، نمرەکانی رەساسی و رەنگی زێڕین، کە مۆدێکی نایاب و سەرنجڕاکێش دەبەخشێت، هەروەها دەکرێت بۆ هەموو شوێنێك لە گوێچکە بکرێت.






# ڕۆژی سەما لە کوردستـــــان

ڕۆژی (٤/٢٩)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی سەما ناسراوە، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو ڕۆژە یادی دەکرێتەوەو چەندین نمایشی سەما و شایی و هەڵپەڕکێی بۆ ساز دەکەن. بیرۆکەی ئەو بۆنەیە بۆ دیزاینەر و ئامادەکاری سەما دەگەڕێتەوە کە ناوی (جۆرج نوڤەر) بووە، لە ساڵی (١٧٢٧) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٨١٠) کۆچی دوایی کردووە. نوڤەر یەکێك بووە لە داهێنەرانی سەما، نزیکەی (٤٠) جۆرە سەمای جیهانی داهێناوە، بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی سەمای جیهانی کە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسکۆ دامەزراوە، ڕۆژی




# تـاتووی نەخێشنراو لەسەر میوە و سەوزە






تاتـوو سـاڵانێکە دەرکەوتـووە و هەندێك کـەس لەسـەر جەسـتەی خۆیـان نەخشـاندوویانە، ئـەوەش وەك نمایـش و هونـەر و خووییێك بەکاردەهێنرێت، هـەر یەکـە جۆرە نەخش و سـتایلێکی لەسـەر جەسـتەیدا کێشاوە، بـەڵام وادیـارە ئـەو جۆرە نەخشـە و نیـگارە هـەر تەنیـا بۆ مـرۆڤ نییـە، بەڵکـو بـەرەو میـوە و سـەوزەش ڕێگـەی گرتـووە، تـا وەك کاڵایەکـی بـاش و بـەرز ڕێکلامـی بۆ بکرێت، ئـەو بیرۆکەیـە بۆ سـەدەی (١٢) دەگەڕێتـەوە کـە زانـای ئەندەلسـی (ئیبـن عـەوام) بۆ بـە بازاڕکردنـی میـوە و سـەوزە چەندیـن نمایشـی لەسـەر سێو و پرتەقـاڵ و مـۆز کردووە، هەمـان ئـەو کارە لـە وڵاتـی ژاپـۆن دەکرێت، کـە پارچەیـەك دەخەنە سـەر میوەکە لە کاتی گەشـەکردن، نووسـین و نەخشـەکە بـە سـەراوژێری دادەنرێت و ئـەو شـوێنەی نووسـینەکە دەبێتـە ڕێگـر لەسـەر بەشـێکی سـەوزە و میوەکـە، بەمـەش نـاو و نەخشـەکە لەسـەر میـوە و سـەوزەکە دەردەچێـت، ئـەو بیرۆکەیـە زیاتـر پـەرەی پێدراوە کە لەلایەن دەزگاکانی (تیسکسـۆ و ویتـرز) بۆ نەخش و نیـگاری سـەر میـوە و سـەوزەکان لێـزەر بەکاردەهێنـن، تـا ببێتـە کاڵایەکـی سـەرنجڕاکێش و خەڵکیـش کڕیـاری بـن.






(٢٩)ی نیسانیان وەك ڕۆژی سەما دەستنیشان کردووە، لە ساڵی (١٩٨٢)شەوە تا ئێستا یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە و لە چەندین وڵاتانی جیهان نمایشی جۆراوجۆری بۆ ڕێکدەخەن و دیارترینیان نمایشی هەنگاریا، بالی فەڕەنسا، نمایشی جان نوڤەر، ئەمساڵ کوردستانیش بێبەش نەبوو لەو یادە، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی (٣٥) ساڵەی ڕۆژی سەما، نمایشێکی شایی و هەڵپەڕکێ و سەما لە شاری هەولێر ڕێکخرا، ئەو نمایشە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هونەری هەولێر، بەشی کەلەپوور و هونەرە میللیەکان ڕێکخرابوو، سازدانی ئەو نمایشە وەك سوپاسێك بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و بەرەو داهاتوویەکی گەشی کوردستان بوو کە چەندین تیپی هەڵپەڕکێ تێیدا بەشداربوون، لەوانە: تیپی نەتەوەیی هونەرە میللییەکانی هەولێر، هەروەها گرووپی ئارمانج عەفرین و کۆما نەورۆز، لە نمایشەکەشدا چەندین جۆرە شایی و هەڵپەڕکێ و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەردەم قەڵای هەولێر پێشکەشی ئامادەبووان کرا.







# کەچەڵی و سەر رووتانەوە نامێنێت

مژدەیەکی خۆشە بۆ هەموو ئەوانەی بەشێکی زۆری پرچیان رووتاوەتەوە، یان ئەوانەی لە تەمەنی بچووکیدا سەریان کەچەڵ دەبێت کە بیرۆکەیەکی تازە داهێنراوە بۆ داپۆشینی ئەو دیارە سرووشتییە، ئەگەرچی چەندین چارەسەری دیکەی وەك قژ چاندنەوە و پرچی دەستکرد هەن، بەڵام هەموو ئەوانە تێچوو و ماندووبوونی دەوێت، ڕەنگە هەموو کەسێك توانای ئەو هەنگاوانەی نەبێت، بۆیە کەسێك لە وڵاتی بەریتانیا بە ناوی (فیلیت لیڤین) چارەسەری بۆ ئەو حاڵەتە دۆزیوەتەوە، کە ئەویش بە دانانی پارچەیەك لە کریستاڵ و ئێکسسوار بۆ دانانی مۆدێکی تازە تا لەسەر سەر و شوێنی پرچتدا دابنرێت. هاوشێوەی پرچە و لە سەر سەر دادەنرێت، بەمەش شوێنی کەچەڵی و رووتانەوەکە ون دەکات، چەندین جۆرە نەخش و وێنەشی هەن، لەوانە: وردە کریستاڵ، نەخش و وێنە، ئێکسسواری بچووك وەك دەنکە قاوە، شێوەی ماچ، نەخش و نیگاری رەنگاوڕەنگ.



## پەنـد و وتـە

جۆن پـاول کریـس ئیمـارد سـارتەر، گـەورە فەیلەسـووفی فەڕەنسـی و نووسـەری شـانۆیی و ڕۆماننـووس و چالاکـی سیاسـی، سـاڵی (١٩٠٥) لـە شـاری پاریسـی فەڕەنسا لەدایـك بـووە و لـە سـاڵی (١٩٨٠) لـە فەڕەنسـا کۆچـی دوایـی کـردووە، دەربـارەی ژیـان گوتوویەتـی: مـرۆڤ کاتێـك دەیەوێـت زانیـاری دەربارەی ژیـان هەبێت، هەمـوو جـۆرە زانیارییەکـی بەدەسـت دەکەوێـت و فێـر دەبێـت، تەنیا ئـەوە نەبێت کە نازانێت چـۆن بـە خۆشـی و بەختـەوەری بـژی.



## فڕۆکە تەکسی!

گواسـتنەوە لـە شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی دیکـە بـۆ ئەوانـەی کـە ئۆتۆمبێـل، یـان مۆتۆرسـکێلی خۆیـان نییە، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبـەت ئەگـەر کارێکی بەپەلەیان هەبێت. بـەڵام شتی سـەیر لەلایـەن مرۆڤـەوە دەکرێـت، ئەوەتـا فڕۆکـەی تەکسـیش دروست بـوو.

ئـەو جـۆرە تەکسـیە نـاوی (فڕۆکـە تەکسی)ـەو لەلایـەن کۆمپانیـای (باڤاریـا)ی ئەڵمانـی دروست کـراوە، جێگـەی (٥) کەسـی تیـا دەبێتـەوە و بـە کارەبا کاردەکات، تیمـی ئـەو کۆمپانیایـە نـاوی (لیلیۆم)ـەو پێیانوایە لـە داهاتوودا دەبێتـە سـەرچاوەی گواستنەوەی خەڵـك، بەتایبـەت بۆ ئەوانـەی پێویسـتیان بـە حاڵەتـی لەنـاکاو و بـە پەلەیـە، یـان ئەوانـەی مەبەسـتیانە خێرا بگەنـە شـوێنێکی دیاریکراو، دەتوانـن ئـەو جـۆرە فڕۆکـە تەکسـیە بەکاربهێنـن.

## فۆترگراف


مانـی لیبـاردۆ، یەکێکـە لە وێنەگرە هەرە بەتواناکانی جیهـان، جگـە لـە وێنەگرتـن، هەروەهـا بەهرەمەنـدە لـە بـواری چێککردنـی وێنـە بـە بەرنامـەی فۆتۆشـۆپ، دوای ئـەوەی چەنـد گۆڕانکارییـەك لـە وێنەکانیـدا دەکات، پاشـان بەرهەمێکـی نایابـی لێـی دەردەچێـت. مانـی لـە دایکبـووی سـاڵی (١٩٦٤)ـە و یەکێکـە لـە (٥) باشـترین وێنەگرانـی جیهـان، مـاوەی (٨) سـاڵە وەك وێنەگرێکـی پرۆفیشـناڵ کاردەکات، ئـەو وێنەیـەی بەنـاوی (ئێکسسـوار و جوانیـی ڕوخسـار) گرتـووە کـە وێنەیەکـی زوومـی و بـە کواڵیتییەکـی بـەرزە، تەنانـەت چەنـد گـەورە بکرێـت کواڵێتـی وێنەکـە تێکناچێـت.






### کاوڕ

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و وەك ڕۆژانی پێشوو دڵت خۆش نییە و پێکەنین و هاوڕێت نییە، بەڵام ئەوە کاتییە و زوو دەڕوات، نابێت چەند کێشەیەکی بچووك ببنە هۆی ئـەوەی بـەردەوام خـەم هەڵبگریـت، هیچ کاتێـك بێ هیوا مەبە و بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکە.



### گا

گرنگـی بـە خـۆت بـدە و کەسـانێك فەرامـۆش مەکە کـە خەمـی تۆیانە، هێشـتا کات مـاوە و درەنگ نییە بۆ ئەوەی ئەو شـتە بەدەسـت بێنیت کە خەونی پێوە دەبینی. ئەم ماوەیە بە هۆی بەشداریکردن لە بۆنەی کۆمەڵایەتی و بینینی چەند کەسێکی نزیك و خۆشەویستت هەست بە ئاسوودەیی دەکەی.



### جمک

ئێسـتا کاتـی کێبڕکێ نییـە و خـۆت لـە کێشـەکانی دەوروبـەر بپارێـزە، چـاوەڕوان بـە لەماوەیەکـی نزیکـدا پڕۆژەیـەك ئەنجـام دەدەیت و ئەنجامێکـی باشـی بـۆت دەبێـت، دوودڵـیش مەبە ئەم گرفتەی ئێسـتات چارەسـەر دەبێـت، ماوەیەکـە گـۆڕانـکاری بەسـەر هەنگاوەکانتـدا هاتووە و سەرکەوتووش دەبیت.



### قرژاڵ

کاتێکی زۆر تێپەڕیوەو هێشـتا نهێنی و قسـەی ناخی دڵت بەو کەسە نەوتووە کە زۆر بیری لێدەکەیتەوە، ناکرێت چاوەڕوانـی وەڵامـی ئـەو بیت، لەبەر ئـەوەی ئەو نازانێت ئـەو چـی دەوێـت، واباشـترە قسـەی بـۆ بکەیـت، ئەمـە لەبەرژەوەنـدی ئێوەدایە، کەسـێکی زیـرەك و لێهاتووی بۆ بیرکردنەوە.



### شێر

ئەگـەر بـە نیـازی ئەنجامدانـی چەنـد گۆڕانکاریەکیـن لـە ژیانت، چەند ڕۆژێـك چاوەڕوان بـە لەوانەیـە ئـەو کاتە هەسـت بە هەندێـك بیرۆکەی گرنگتـر بکەیت. ئەو کەسـە لەیاد مەکـە کە لەبیری کردووی، ئەو دواتر هەسـت بە هەڵەی خۆی دەکات و داوای لێبوردنت لێدەکات.



### گوڵەگەنم

لەوانەیـە داوات لێبکرێـت بـۆ ئەنجامدانـی کارێکـی گرنـگ، ئـەو کاتـە بەخـت دەبێتـە هاوڕێـت و بـە سـەرکەوتوویی کۆتایـی دێـت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی پلـەت بەرزتـر بکرێتـەوە. بەردەوام بە لەسـەر ئەو بەرنامەیـەی پەیڕەوی دەکەی، دەسـتکەوتی گرنگ لە ڕێگادایە.



## بۆ زانیاریت

### بەستنەوەی مێشکی مرۆڤ بە کۆمپیوتەر

کاتێك ئیلۆن مەسك بیرۆکە و پڕۆژەکانی دەخاتەڕوو ئەوا هەموو جیهان سەرنجی بیرۆکەکانی دەدەن، چونکە جارێکی دیکەو بە پڕۆژەیەکی نوێ کاریگەرییەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست دەکاتەوە. پڕۆژە نوێیەکەی مەسك بریتییە لە تێکەڵکردن یاخود پێکەوەلکاندنی مێشکی مرۆڤ لەگەڵ کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی زیرەکی دەستکرد پڕۆژەکە لە چوارچێوەی خودی کۆمپانیاکەی دەبێت بە ناوێکی نوێوە ئەویش (مەسك)ە و ئامانجی پڕۆژەکەش بریتی دەبێت لە بنیادنانی پەیوەندییەکی بەهێز و زۆر پێشکەوتوو لە نێوان مێشکی مرۆڤ و کۆمپیوتەر، بیرۆکەکە بە (Neuralink) ناسراوەو تێیدا مێشکی مرۆڤ پەیوەست دەکرێت بە زیرەکیی دەستکردی ئەلیکترۆنی، زاناکانیش پێیانوایە ئەمە شتێکی زۆر گرنگ و ئێجگار ناوازە دەبێت بۆ مێشکی مرۆڤ بۆ چەندان هێندە بەهێزکردنی مێشك و هەستەکانی و گوێزانەوەی زانیارییەکان بە شێوەیەکی زۆر خێراتر. ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی زانستی دەمار و کوانتەم و ئەلیکترۆن لەگەڵ مێشکی مرۆڤ. ئەم بیرۆکەیە هاتووە بە مێشکی مەسك لەو کاتەی کتێبێکی زانستی و خەیاڵی دەخوێنێتەوە لە نووسراوی (ئیان بانکس) بەناوی (بەستنەوەی دەماری)، کە لە کۆتایی کتێبەکە باس لەوە دەکات بەستنەوەی دەماری وا لە مرۆڤ دەکات، ڕاستەوخۆ بە خێرایی لە شتەکان تێبگات و بە شێوەیەکی زیندوو وەرگێڕانیان بۆ بکات. مەسك دەیەوێ بەهۆی چاندنی ئەلیکترۆدات لە مێشکی مرۆڤدا بگات بەم ئامانجە، بە جۆرێك باوەڕی وایە ئەم ئەلیکترۆداتانە دەتوانن توانای چالاکی سەرووی ئاسایی و کاری ئامێرە کۆمپیۆتەرە پێشکەوتووەکان بە ئەقڵی مرۆڤ ببەخشن.

## تابلۆ

یەکێکە لە تابلۆیە بەناوبانگەکانی وێنەکێشی فەڕەنسی (ئیگوین دیلاکرۆکس)ـە کە بە وێنەکێشی ڕۆمانتیك و هونەرمەندی بواری ئەدەب دەناسرێت، لە ساڵی (١٧٩٨) لە شاری سانت ماوریس لە چالینکۆنی وڵاتی فەڕەنسا لە دایك بووە، ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٨٦٠) کێشاوە، بە ناوی (شەڕی ئەسپی عەرەبی)، کە باس لە جوانی و بەهێزیی ئەسپ دەکات، لەوکاتەی لەگەڵ خاوەنەکانیان لە پێناو ئازایدا شەڕ دەکەن، وێنەکە، بە وێنەی زەیتی و سەر کانڤاس چێ کراوە، ئێستا لە گەلەری نێودەوڵەتی لە لۆڤەر نمایش کراوە، ئیگوین لە ساڵی (١٨٦٣) کۆچی دوایی کردووە.





## فێلکاری وێنە

ئەمە وێنەی بەلەمێکە کە چەند منداڵی تێدایە، هەوڵبدە بزانە ئەو بەلەمە وەستاوە، یان دەڕوات، ئایا ئاوەکەی ژێرەوەی ڕاستەقینەیە ئەوەندە ساف و ڕوونە، یان بەلەمەکە لە شوێنێك وەستێنراوە و ژێرەوەشی بە وێنەی سێ ڕەهەندی کێشراوە.



### گۆزە

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کاتی ئەوە هاتووە یەکێك لە خۆشترین ساتەکانی ژیانت بەسەر ببەی لە پەیوەندی سۆزداری، بەڵام ئەوەی حەز لە بەدەستهێنانی دەکەی و خەونی پێوە دەبینی، مەرج نییە بە زووترین کات بۆت ئامادە بێت، بۆ ئەمەیان ماوەیەك چاوەڕوان بە.



### نەهەنگ

خەونەکەت دێتەدی بە بینینی ئەو کەسەی کە حەزت دەکرد چاوت پێی بکەوێت و ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی بینینی دەکەی، هاوڕێیەکت داوای یارمەتیت لێ دەکات، ئەگەر بتوانی یارمەتی بدە، لەوانەیە تۆش ڕۆژێك پێویستت بەیارمەتی ئەو هەبێت.



### شایان

ئێستا خۆت و خۆشەویستەکەت پێتانوایە دابڕان لە بەرژەوەندی ئێوەدایە، ڕاستە ئێستا زۆر یەکترتان خۆش ناوێت، بەڵام پێویستە ئارام بگرن و ماوەیەك چاوەڕوان بن تاوەکو پەیوەندییەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، ئەگەرنا پەشیمان دەبنەوە.




### دووپشک

هەواڵێکی گرنگت پێدەگات سەبارەت بە هاوڕێیەکی نزیکت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوانتان زۆر بەهێز بێت. بەرژەوەندی ئێوە لەوەدایە کە پەلە نەکەن و بە شێوەیەکی زانستی هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی پڕۆژەکەتان بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێبێت.



### کەوان

دوای ئەوەی لەگەڵ کەسی بەرامبەرت چەند کێشەیەکی بچووکتان بۆ دروست بوو کە بووە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندیتان، بەڵام ڕاستییەکە ڕوون دەبێتەوە و پەیوەندییەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. نابێت کێشەیەکی بچووك کار بکاتە سەر پەیوەندی نێوانتان.



### گیسک

ئەگەر هەر کەسێك هەوڵ بدات بێبەشت بکات لەو خۆشییەی ئێستا تێیدای، دڵگران مەبە و بایەخ بە قسەکانی مەدە، ئەمە دەبێتە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی، لەهەمان کاتدا هەست بە شکستی خۆی دەکات و دووبارەی ناکاتەوە، لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت بە نەرمی مامەڵە بکە.